# بەرەو سەرکەوتنی هەمیشەیی کوردستان

## ئەحمەد دەشتی

دوای ئەو هەموو کارەسات و بەسەر هاتی تال و ناخۆش کە بەسەر گەلی کوردوکودستان دا هات ، دوای ئەنفال و کیمیا باران و سەدان ئاوایی بە سەر یەک تەپێندراو و بەخاک یەکسان کراو دا، دوای بەکار هێنانی گازی شیمیایی سیانیدو خەردەل باران و شەهید کردنی شاری هەلەبجەی شەهید و لەناو بردنی پێنج هەزار مرۆڤ لە سانیەک دا . دوای خنکاندنی ئاوی کانی و ڕوباران و سیمان کردن و ڕوخاندنی ئەشکەوت و خنکاندنی لێرەوارو ڕەز و باغ و هەموو دارو بارێکی ئەم کوردستانە ڕەنگینە و لە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی هەموو دارو بارو هەرچی شینایی و پنچک و تەڕاش وسەوزییە لە سەر خاکی پیرۆزی کوردستان دا ، دوای ئەو هەموو خاپور کردن و ماڵ وێرانی و زیندە بە چاڵ و گۆڕی بەکۆمەڵ و لە ناو بردنی هەزاران هەزارانمان و کوشتنی هەشت هەزار بارزانیانی قارەمان و خاکپەروەر و ون کراو لە ناو کارخانەکانی چەکی کۆمەڵ کوژی دا،دوای ڕماندنی سەدان یاوایی کوردستان و بەسەر یەکا تەپێندراو دا ، دوای ئاوارەبوونی هەزاران هەزار ڕۆلەی کوردی ڕەتێندراو لە سەر ماڵ و لانەی خۆی و دەر پەڕێندراو ، دوای عارەباوی کردنی و بە زۆر داگیر کردنی خاکی کوردی بێ دەرەتان هەر لە سنجارەوە تا خانەقین و ئاورەی هەندەران کرنی هەزاران هەزار کورد لە ناو ماڵ و لەسەر خاکی خۆی دا،دوای دەرکردنی هەزاران هەزار کورد لە شاری کەرکوکی دڵی کوردستان و ڕوخاندنی هەموو گەڕەکەکانی کورد نشینی کورد لەو شارە زێڕینەو بەعەرەباوی کردنی هەموو شوێن و ناو و کەلەپورێکی نیشتمانی کورد لە شاری بابەگوڕو هەموو شوێنە تەعریب کراوەکانی کوردستان دا و هێنانی هەزاران عەرەبی ئاوردە بۆ سەر خاکی کوردستان و دابڕینی ناوچە تەعریب کراوەکان لە خاکی کوردستان بە نیازی گۆڕینی سیمای کوردستان و ئەو هەموو

زەبرو زەنگ و ماڵ وێرانیانەی کە سەدامیە  خوێن ڕێژەکان بە سەر کوردستانیان دا هێنا ، دوای ساڵها شۆڕش و قوربانی دان و بە هەزاران هەزار ڕۆلەی قارەمانی گەلی کوردو لە پشت ڕا خەنجەر لە بزوتنەوەی ئازادی خوازی کوردستان دان و ئەو هەموو کارەساتانەی کە داگیرکەرە عارەبەکان بە سەر کوردو کوردستانیان هێنا،دوای لەدار دان و زیندانی کردنی سەدان هەزار ڕابەرو ڕۆلەێ کوردی خەباتگێڕ و دوای خنکاندنی هەوای پاکی کوردستان و ژەهراوی کردنی هەوای پاکی هەلمژینی کورد لەسەر خاکی کوردستان و هەزاران هەزار شەهیدی قارەمان و دلێرانی کوردو ، دوای ئەو هەموو کارەساتانەی کە بەعسیە عارەبە خوێن ڕێژەکان بە سەر کوردو کوردستانیان هێناو ئەو هەموو پیلانەیان گێڕا بۆ  لە ناو بردنی گەلی کوردو دوا جار بڕیاری جینۆ سائید کرنی کورد و دزین و لە ڕەگ وڕیشە دەر هێنانی هەرچی سەروەت و سامانی کوردە ، دوای ئەوەی کە هەر کوردێکی خاوەن کەڕامەت و شەرەف بینی کە چیان وەسەر هێناین کە لەمێژووی مرۆڤایەتی دا هیچ گەلێکی 40 ملیۆنی ئاوای بەسەر نەهێندراوەو ئاوا بە زۆری زۆرداری خاک و هەموو بوونەوەر و سامان و داراییەکی لێ زەوت نەکراوەو مافی ژیانی لە سەر خاکی خۆی ساڵەهای ساڵ  لێ نەسەندراوەو ئەو هەموو کوشت و کوشتارەی لێ نەکراوە، دوای ڕاپەڕین و بە یەک دەنگ هاورار کردن و بەکۆچ و ڕەوی ملیۆنها مرۆڤی بێ تاوان و تەنیا لە بەر ئەوەێ کە کوردە خاوەنی خاک و زمان و بوونی میللی خۆیەتی و سەری بۆ دوژمنانی داگیرکەرو درندەی تازی و تورک و عەجەم هەرگیز شۆڕ نە کردووە و هەتا ئەمڕۆش لە گەڵ ئەو هەموو زەبرو زەنگ و داگیر کردنی لانەو ماڵ و حال و ژیانی کورد نەیان توانیوە کە ناوی کورد و بزوتنەوەی ئازادی خوازی لە ناو بەرن و کوردستان بۆ هەمیشە داگیر بکەن ،بەڵێ دوای ئەو هەموو کارەساتانە گەلی کورد فێر بوو کە دەبێ چۆن بێت و چی بکات بۆ کوردستانی خۆی و ڕزگاری هەمیشەیی ، گەلی کورد کە هەتا ئەمڕۆکە ڕاپەڕیوەو هەرگیز داگیرکەران لە سەر

خاکی کوردستان ئارامی و ئاسودەییان بە خۆوە نەبینیوە و هەرگیزاو هەرگیزیش نایبینن ، لە گەڵ ئەو هەمو هێزو تواناو پڕ چەکی کوشەندەو مەرگاوەریشیان و ئەو هەمووو هەستی شۆڤێنیەت و دکتاتۆری و ناپاکیان بەرامبەر بەگەلی کورد نەیان توانی کە بزوتنەوەی ئازادی خوازی کورد لە ناو بەرن و ناوی کوردو کوردستان بسڕنەوە،هەرچەند داگیرکەرانی کوردستان هەولیان داو هەموو چەکێکی کاولکارو قەدەغەکراویشیان وەک سیانیدو خەردەل و سارینی قەدەغەکراوی نێو دەولەتیشیان بە کار هێنا و شاری هەلەبجەیان شەهید کردو لە سانیەک دا پێنج هەزار کوردو هەرچی بوونەوەریش بوو بە تێکڕایی خنکاندیانن و شەهیدیان کر دو خۆیان لە بەر چاوی جیهان دا بۆ هەمیشە بە کردارە نامرۆڤاییەکانیان ڕیسوا کردو ناویان کەوتە ناو زبلدانی مێژوو و دیمان کە چیان وەسەر هات و وا ئەمڕۆش چاوەروانی مەرگ دەکەن و سەدامە دکتاتۆرە فاشستەکەمان دیت کە بە چە دەردێ براو چۆن کونە مشکی لێ ببو بەقەیسەری و گەلی کوردیش سەربەرز و قارەمان لە بەر چاوی جیهان دەرکەوت و چیاکانی کوردستان وەک سەنگەری قارەمانان هەر مایەوەو گەلی کوردیش ئەمڕۆ سەر بڵەند و شانازو دڵسۆز بۆ خاک و نەتەوەکەی خۆی ئاڵای کوردستانی ڕەنگینی بەرز کردۆتەوە و لەم هەڵە پیرۆزەی دا دۆستانی خۆی لە یاد ناکات و دوژمنانی خۆشی هەرگیز بە دۆست نازانێ و بەرەو کوردستانێکی ڕەهاو سەربەخۆ و سەربەرز دەڕوات و هەرگیز تازە ئاڵای نانەوێت و ئەمڕۆ ڕۆژی دیبلۆماسیەت و دوژمنان ناسین و هەول و خەباتی دانوساندن و کوردستان بەرەو پێشەوە بردن و چەسپاندنی دەسکەوتەکانیەتی ، ئەمڕۆ هەرچی باشتر ئاوەدان کردنەوەی کوردستان و دروست کردنی کارخانەکان و سەقامگیر کردنی ئاشتی و ئارامی و بڕینی دەستی دوژمنانی دەرەکی و دەروونی و هەموو ئەوانەی کە بە ناخی بۆگەنیانەوە دژ بە کوردو کوردستانن و هەتا ئەمڕۆش وا لە سەنگەر دان و بە هۆی نۆکەران خەراپکاران و هەست کەسیفەکانی دیرۆکی

دژ بەکوردن و ئەمڕۆش لە هیچ پەلامارو هەولی سەر نەکەوتنی ئەم هەلە مەزنەی کوردستان ناپەنگێنەوە و هەولی کورد لەناو بردن هەروا دەدەن و بە خەیالی خاویان دکارن کە ئەمجارەش گەلی کورد بەرەو شکەست و ماڵ وێرانی و کارەساتەکان ببەنەوە و بە هەستی شۆڤێنی و کەسیفیانەوە دیسان کوردستان بەخاک و خوێن بکێشنەوە و هەموو ڕێسێکمان لێ بکەنەوە بەخوری،بەڵام لە گوێی گادا خەوتوون و نەمان و سەر شۆڕی هەر بۆ ئەوانەیە کە دژ بە ویست و خواستی گەلی کوردو کوردستان دەوەستن و چاویان بە گەیشتنی کورد و وەدی هاتنی مافەڕەواکانی نەتەوەی کورد هەڵنایەت ، دەبێ ئەوە چاک بزانن کەئەمڕۆژگارەمان سەردەمێکیترەو باوی دکتاتۆریەت و هەستی ناپاکی دژ بە گەلان نەماوەو ڕۆژگاری لە ناو بردنی ترۆریست و جنایەکارانی دژ بە مرۆڤایەتی و کوردو کوردستانە و گەلی کوردیش بەهەستی پاکی و زانایی و پڕ لە دڵسۆزی یەکتر دەگرێت و جارێکی تر هەڵنا خەلەتێتەوە و کوردستانی خۆی لە هەموو شتێک لا مەزنترەو تازە مەحالە بەرەو دوا بگەرێتەوەو بەرەو سەرکەوتنی هەمیشەیی دەروات و هەموو کوردێکی پاک بە ئەرکی سەر سانی خۆی دەزانێت کە هەولی ڕیسوا بوون و لە ناو بردنی هەموو نەیارو خەراپکارو دژ بە کوردو کوردستان بدات و دوژمنان لە ناو بەرێت و بە دڵ و بە گیان دەڵێین بژی کورد بژی کوردستان.

21.1.2005